# ئەفسانە نۆشکردن : بێنرخکردنی ئارکایفی* ئەنفال

خەتاب سابیر
khatabs@hotmail.com

"شکستی کۆمیونیتی نێونەتەوەیی لە بنبڕکردنی جینۆسایددا، رەنگدانەوەی ئەو شکستەیە کە کۆمیونیتی ئەکادیمیی نەیتوانیوە ئاستی هۆشیاریی و تێگەیشتنی ئێمە لەسەر ئەو کێشەیە ساغبکاتەوە" ( Michael Freeman )

بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە، پێویستە ئەم نووسینەی رزگار عومەرت خوێندبێتەوە.

http://www.dengekan.com/doc/2007/4/rezgarOmar20.pdf

ئەم وتارە لە دوو تێروانینی جیاواز سەبارەت بەئەنفال دەکۆڵێتەوە، تێروانێکی باو لە ناو کورددا کە بەکولتووری سیاسیی ناسراوەو تێروانێکی تر لەسەر جەختکردنەوەی هەرچی وردتر بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەنفال بە شێوازی هاوچەرخ و ئەکادیمییانە. هاوکات ئەم وتارە وەک وەڵامێک بە (بۆچوونێکی سیاسیی پەلکێشە) کە چۆن چارەسەری هەموو گرفتەکانی کوردستانی لەدەستی سیاسەت و سیاسەتوانااندا قۆرخ کردووە، بەهەمان شێوەش ئەو بۆچوونە دەیەوێ بە پیرۆزکردنی چەند کارێکی سیاسییەکان، بیرۆکەی ستراتیژیی و زانستیی و ئەکادیمییبوون لەسەر توێژینەوەکانی ئەنفال بخاتە ژێر پرسیارەوە.

حەزم ناکرد بنووسم و وەڵامی نووسەرێ، رۆشنبیرێ بدەمەوە کە رەخنەیەکی گرتووە لە بیروبۆچوونێک کە منیش دووبارەم کردوونەتەوەو بیروبۆچوونی دەیان کەسی تریشە. بەڵام لەبەرئەوەی مەسەلەکە لەسەر ئەنفالەو ئەنفالیش گەورەترین دۆزی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و کولتووریی و نەتەوەیی و ....تاد کوردە ، بەپێویستم زانی ئەم نووسینە بەدواداچوونێک بێت بۆ بیروبۆچوونەکانی نووسەرو وردەوەبووی نێو دنیای رۆشنبیریی کوردیی "رزگار عومەر" لە پەنجەرەی دەنگەکاندا.

خۆزگە لای کەم رزگار عومەر خۆی لەو ئەتەکێتە باو و سواوەی هەندێ نووسەر بەدوور دەگرت کە ناوی کەس ناهێنن لە نووسینەکانیاندا. دڵنیام لەوەی رزگار بەشوێن ئەوەوەیە کە پێی دەڵێن ئەتەکێتی سیاسیی و دیپلۆماسیی و هیچ مەبەستێکی تایبەتیی نییە. لەراستییدا دەبووایە ناوی کەسەکە ، یان کەسەکانی بهێنایە لە نووسینەکەیدا ، چونکە مەسەلەی ئەنفال مەسەلەیەکی ژیاریی زۆر زۆر گرنگە بۆ گەلی کورد و هەموو لیبراڵ و کەسێکی ئازاد و ویژدان دروست و هیومانیستێک، پێویستە بە تەلیسم دایەلۆگی لەسەر نەکرێت.

رزگار عومەر جار جارێک رەخنە دەنووسێ لە سەر بۆچوونی هەندێ نووسەر، لێکدانەوەکانی بەشێوەیەکی گشتیی ورد و دانسقەن، بەتایبەت لەهەمبەر فاروق رەفیقدا، زۆر شیکارێکی جوانیی کردبوو، بەڵام ئەوەی لەسەر رێبین هەردیی نووسیبووی ئەو وردییەی پێوە نەبوو، بەواتایەکی تر تەمومژاویی ( ambiguity ) بوو. ئەوەی کە منیشی وا لێکرد هەندێ سەرنج لەسەر بۆچوونەکانی ئەو ( رزگار ) بدەم، گرنگیی و ژیاریی ئەنفالەو هیچی تر، ئەگینا لەسەر هەر شتێکی تر بووایە جگە لەئەنفال ، سەرنجێکم لەسەر بۆچوونەکانی نەئەدا. چونکە بەراستیی ژیان سەختەو کاتیش ئەوەندە کەمە کە فریای زۆر شت نەکەویت.

پوختەی بۆچوونەکانی رزگار دەکرێ لەم دێرو نیوەدا کورت بکرێنەوە ( نەخۆشییەک بڵاوبووەتەوە لە بێنرخکردنی ئەو هەوڵانەدایە کە لەبواری نووسیندا کراوە لەسەر ئەنفال بە بیانووی ئەکادیمیی نەبوونیان ) . لە شوێنێکی تردا بەدەق دەڵێت "

ڕێگریەکانی بەردەمی جێگیرنەکردنی ئەنفال وەکو جینۆساید ئەکادیمی نین بەڵکو سیاسین". ئەم ڕستەیەی دوایی لەبواری شیکردنەوەی سیاسییدا دروستەو تا ڕادەیەکی باش تەبام لەگەڵ بۆچوونەکەیدا. بەڵام سیاسەت جوغزێکی ئەنفالە ، جوغزەکانی تر تا ئێستا بۆ نمەکیش دەستی لێنەدراوە و کەمترین خەڵک نەچووە بەلایدا.

زۆر وتراوە کە هەوڵی بێنرخکردنی کاری یەکتر و سڕینەوەی بەرامبەرو دانەجیرەو لاقرتێکردن بەیەکتر، پەتایەکی باوە لەناو ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورددا. ئاخر خۆ گاڵتە نییە کە چەندین لەشکری کەچ و نەخوێندەوار لەنووسەرانی پیر و نوێ دژایەتی سەرسەختی بەختیار عەلی، مەریوان وریا قانیع، شێرزاد حەسەن، ئاراس فەتاح، فاروق ڕەفیق و دەیانیتر دەکەن. دیارە ڕەخنەی سەلیقەدار جودایە لە ڕمبازێنی ڕستەریزکردن و زبڵنووسیی و گەوجنووسیی .

ئاخر ئەگەر یەکێ ویژدانی سڕ نەبووبێ، دەتوانێ ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی، بەتایبەت شاری مۆسیقارە سپییەکان ڕەتبکاتەوە. ئاخر کام ئەدیب و نووسەرو سیاسیی کورد توانیویەتی لە پانتایی نووسینی کوردییدا وەک ئەو ئەنفال بگەیەنێتە ئەو جێگەیەی کە ئایدۆلۆژیاکەی سامیری بابلیی و حیزبی بەعس و کولتووری نەتەوەی سەردەست بە سەر نەتەوەی ژێردەستی کوردییدا هێناوە. کێ هەیە لە ناو ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورددا ڕەهەندەکانی ناسیونالیزم و بەعسیزم و ئەنفال و دواجاریش لێبووردەیی ( Tolerance ) بەئەندازەی مەریوان، توێکاریی کردبێت. کێ هەیە بەئەندازەی شێرکۆ بێکەس ئەنفالی لەشیعردا گەیاندبێتە لوتکەو لە گۆڕستانی چراکاندا تەنها بەشیعر، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و کولتووریی لەسەر ئیسلام و پانعەرەبیزم و بەعسیزم لەهەمبەر کورددا کردبێت. بەدەر لەوەی ئەوانەو هەرکەسێکی تر بیروباوەڕی سیاسییان چۆنە و چۆن نییە.

هاوکات کێ هەیە چاوی کوێر بێت لەئاست "ئەمبراتۆریای لم" ی ڕەفیق سابیر و هەوڵەکانی عارف قوربانیی و چاک و سایتی کوردیش میدیا و گۆڤاری سەردەم و سەردەمی ڕەخنە و تەنانەت هەوڵەکانی ئەم سایتە بچکۆلانەیە ( دەنگەکان) و دەیان کتێب و سەدان هەوڵ و نووسین و پرۆژەی تر. بەڵام بە هەناسەیەکی قووڵەوە هەموو ئەوانەی کە ناومان هێناو ناویشیان نەهاتووە، ئایا لەئاست پێویستدان. من گومانم نییە ئەگەر ڕزگار عومەر خۆی سەرپشک بکەیت لەو دەیان و سەدان کتێب و نووسینە کوردییەی هەیە ، ئەگەر چانسی وەرگێڕانیان بۆ زمانە بیانییەکان بۆ هەڵبکەوێ و ئەو چانسەش بدرێتە دەست ڕزگار، ئەوا نایابترینیان هەڵدەبژێرێ کە بەژمارەش بە پەنجەکانی دەست ناگەن.

من بڕوام بە هەموو جۆرە کارێک هەیە لەسەر ئەنفال بکرێ ، لە هونەر، شیعر، ڕۆمان ، چیرۆک ، وتار، توێژینەوە، کاری سیاسیی و جەماوەریی و یاسایی و ....تاد ، بەڵام سەرئەنجام شیعرو وڕێنەی سیاسیی و فانتەسییکردن و داتاشینی کۆنتێکتسی ئەفسانەیی دەرمانی دەردی ئەنفال ناکەن. لەرووی سیاسییەوە هەر کەسێک هەوڵەکانی ناوەندی "چاک" بەرز نەنرخێنی لە ئاست تاوانبارانی پۆستە باڵاکانی بەعس و سەرۆک جاشەکانی کوردستاندا، موو لەزمانی دێ. بەڵام سەرئەنجام "چاک" هەر کۆمەڵێ کەسی سیاسیی بەڕێوەی دەبات و لە خولگەی باوی سیاسەتی کوردیی و حیزبە کلێشەسازەکانی کوردایەتییەکی دواکەوتوودا زۆر ناترازێ.

هاوکات بڕوام وایە هێشتا یەکێ لە کەموکوڕییەکانی "چاک" یش ئەوەیە گیرۆدەی تەوژمی زاڵی ناسیۆنالیستیی و ئایدۆلۆژیی و سیاسییە، لەکاتێکدا ئەنفال دەبێ ببێتە کێشەیەکی تێکەڵ لەسیاسەت و هیومانیزم. دەبێ بکرێتە بابەتی خوێندنە هیومانییەکان ( هیومانیزم نەک بەمانای خێرو سەدەقە، وەک ئەوەی سیاسییەکانی ئێمە تێیگەیشتوون، بەڵکوو وەک لێکۆڵینەوە لە بواری زانستە مرۆییەکاندا ) و لایەنە مرۆیی و کارەساتئامێزەکانی و زیانەکانی بۆ مرۆڤایەتی شرۆڤە بکرێ .

لێرەوەیە کە ئەنفال دەبێ بکرێ بە کێڵگەیەکی گەورەی بەرهەمێنانی شاکاری مەزن لە هەموو بوارەکاندا.

لەلایەکی تریشەوە دەیان کەچە نووسین لە ئەدەبیاتی کوردییدا، لەسیاسەتی کوردییدا، لە ئایدۆلۆژیای کوردییدا، لە دەڵێن و وتیان و هاتن و بردیان شتێکی تری تێدا نییەو یەک فلسی قەڵبیش ناهێنێ، ئەوەی بشیانخوێنێتەوە کەساس و داماوە و هەر ئەو کاتەش مردووە کە نووسراوەو خێری بۆ خاوەنەکەیشی نییە تا بە دۆزی ئەنفال و مێژووی سیاسیی و کولتووری ئەنفال دەگات. سەیری ئەوانە بکەن لەسەر ئەنفال دەنووسن ، زۆربەی هەرە زۆریان ، دەساڵ و پێنج ساڵ لەمەوبەر و ئێستایش هەمان نووسین و بۆچوون دەنووسن و دەیڵێنەوە. بابەتەکە زۆر روونە، ئەوانە گەشە ناکەن و بیرکردنەوەیان راوەستاوەو ناخوێننەوەو لە قسەی سواو و دووبارە و سەدبارەش نابنەوە. ئەگەر بەوردیی سەیری هەندێ نووسەر بکەیت، دەبینی دەساڵ و ئێستایش هەمان شت دەنووسێ و سەدبارەی دەکاتەوە.

ئەگەر قسە لەسەر رۆشنبیرە ، من پێموایە کەسێ بوێرێ بەخۆی بڵێ رۆشنبیر لەکورددا، سەرچاوەی خوێندنەوەکەی هەر زمانی کوردیی بێت، یان لەباشترین دۆخدا عەرەبیی یان فارسیی بێت، ئەوە رۆشنبیرییەکەی زۆر سنووردارە ( Limited ). بەرای من ئەگەر زمانێکی ئەوروپایی سەرچاوەی خوێندنەوەی سەرەکیی نەبێ بۆ رۆشنبیر، ئەوە ئەو رۆشنبیرە هەرگیز گەشە ناکات. رزگار عومەر کە خۆی زمانی ئینگلیزیی بەشێکە لەسەرچاوەی خوێندنەوەکانی، لەم کەمتەرخەمییەی رۆشنبیری کورد باش تێدەگات، بەڵام ناکرێت هەموو کەچە نووسین و دروشم ریزکردن و هەڵچوونێکی ناسیۆنالیستانەو وتاری سیاسیی پڕ لەکەفوکوڵ و کوردپەروەرانەو ئەنفال دۆستانەمان لێ ببێت بە کاری گرنگ و ماندووبوونی بەنرخ!. بەتایبەت کەسێ بوێرێ و بڵێ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەنفال دەکەم. بەڕاستیی ئەگەر کەسێک سەرچاوەی خوێندنەوەی سنووردار بێت و قسە لە بن هەنگڵی دەربکات، ئەوە خوێندنەوەی نووسینەکانی کات بەفیڕۆدان نەبێ هیچیتر نییە.

ئەوە چیی ناو دەنێی؟ جگە لە نادانبوون( جاهیلبوون) ، کتێبێک و دووان و سیان بنووسیت و یەک تاقە سەرچاوەی نەزمانەکەی خۆت و نەهیچ زمانێکی تر بەکارنەهێنیت. ئەوە کتێب نووسین نییە، زۆر بڵێییە و نادانییە. کتێبخانەی کوردیی برمێت، ئەم کەچە کتێبانە دەیگرنەوە. ئەگەر لەهەر کەسێکی ئاگادارو ئاشنا بە دۆزە ناودارەکانی وەک هۆلۆکۆست و جینۆساید بەشێوەیەکی گشتیی بپرسی ئایا ئەنفال لە دنیای نووسیندا لەکوێیە؟ نەک لە ئاستە ئەکادیمییەکەیدا بگرە لە ئاستە مرۆییەکەیشیدا ! ئەگەر بڵێین ئایا چەند کتێبی شیاو بەئەنفالمان هەیە؟ ئەرێ ئەنفال لە کوێی ژۆرناڵە ( جۆرناڵ – Journal ) سیاسیی و کولتوورییەکانی لای کەم، تایبەت بە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک (

- British Journal of Middle Eastern Studies
- Middle East Quarterly
- Middle East Journal
- International Journal of Middle East Studies
- Middle East Policy
- Etc…..

....) ئۆقرەی گرتووە ؟

ئایا جێگەی ئەنفال لە ( Holocaust and Genocide Studies) و ژۆرناڵی لێکۆڵینەوەی جینۆساید ( Journal of Genocide Research ) و ( تاوانەکانی شەڕ، جنێۆساید و تاوان دژی مرۆڤایەتیی – War Crimes, Genocide and Crimes against Humanity ) دا بوونێکی ئەوتۆی هەیە؟ یان تەنها لە ڕێی ئینتەرنێتەوە و دەستڕاگەیشتن بە ژۆرناڵی ئیلیکترۆنیی ، ئایا سێرڤەرە ئەکادیمیی و زانستییەکانی وەک Informaworld ، JSTOR ، EBSCOhost کە گەورەترین خزمەتگوزارییین لە بواری دەیتابەیسدا (داتابەیسدا) ، ژۆرناڵە کەڵەگەتەکانی کامبریج و ئۆکسفۆرد ، پێشڕەوترین سێنتەری ئیلێکترۆنیی و دەیتابەیس( Database ) بۆ زانیاریی لەجیهاندا Expanded Academic ASAP و دەیان و سەدانی تر، کە زۆربەیان بابەتی سیاسیی و کولتووریی و مرۆیی دەوروژێنن، ئێمە چییمان هەیە؟ دەبێ بڵێین هیچ و سفر بەدەستەوە. نەوەی پێش ئێمەو نووسەرە عەملاقەکانی پێش ئێمە هیچیان نەکردووەو هەر خەریکی زبڵ نووسیی و گەندە وتاری سیاسیی و حیزبیی و ڤێسیڤاڵیی بوونە و بەچییش؟ هەر بەکوردییە خۆماڵییەکە.

با خۆمان هەڵنەخەڵەتێنین ، وێڕای دەستخۆشیی لە هەموو ئەوانەی بە کوردیی و عەرەبیی و هەر زمانێکی تر شتی دانسقەو نایابیان لەسەر ئەنفال نووسیبێت، بەڵام بەشێوەیەکی تێکڕایی ( average ) شتێکی ئەوتۆمان نەکردووە. ئەنفال هێشتا لە بێدەنگییەکی ( Silence ) قووڵیی لۆکاڵیی و جیهانییدا نووقمە. بێدەنگییەک کە چەند مۆراڵی سیاسیی رۆژئاواو رۆشنبیران و ئەکادیمیستەکانی رۆژئاوا لێی بەرپرسن، سەدان بارتەقا خۆمان بەرپرسین. هەروەک ( Sarah Berkowitz ) دەڵێ " بێدەنگیی تاوانێکی راستەقینەیە لە هەمبەر مرۆڤایەتییدا" ( Berkowitz, 1965, p.43 ) . ئێمە بەڕاستیی نەک هەر کەمتەرخەمین بەڵکوو تاوانمان کردووە لە ئاست ئەوەی کە هیچی ئەوتۆمان بۆ ئەنفال نەکردووە.

کەنعان مەکییەش دەڵێ " بێدەنگیی لە ترسەوە لەدایک نەبووە، بەڵکوو لە هەژاریی بیرکردنەوەوە لەدایک بووە " ). (Makiya, 1993, p.324 ئێمە ئەوەندە کلۆڵ و هەژارین لە تێڕامان و بیرکردنەوەو خوێندنەوە و داهێناندا کەئەوپەڕی دیار نییە. ئەم بێدەنگیی و دڕدۆنگیی و دەست بەکڵاوی خۆوە گرتنە زۆر لەمەودا سیاسییەکەی تێپەڕاندووە، لە بێدەنگییەوە گۆڕاوە بە کارەساتی فەرامۆشکردن و دەست بەکڵاوی خۆوە گرتن ، ئەم بێدەنگییە مەودایەکی فراوانی مۆراڵیی و هزریی کوردی داگیرکردووەو بەختیار عەلییش ئەم بێدەنگییە بە " بیرچوونەوە" ( عەلی، ٢٠٠٧ ) دەچوێنێ.

ئەم وتارە لەو باوەڕەدا نییە کە ئەنفال تەنها لە رووی سیاسییەوە رێگریی هەیەو لە رووی ترەوە نەیبێ. ئەکادیمییبوون هەموو راستییەک ( حەقیقەت ) نییەو کۆلێژ و زانکۆکانیش بە تەنها پێوانەی بەهرەداریی و ئەکادیمیی بوون نین. کەمنین ئەو دۆکترانەی کوردستان کە بەس بەناو پرۆفیسۆر و دۆکتەرن و لە نەزانییدا، لە پووتیی و نادانییدا نغرۆ بوونەو بیست ساڵیشە خۆیان نەتەکاندووە و لاپەڕەیەکی نوێیان نەخوێندووەتەوە، تەنانەت هەندێکیان هەر خەڵەفاویشن. بگرە نامۆیی و سەیر ئەوەیە ئەوانە بخوێننەوە.

هاوکات چەندین نووسەر و توێژەرەوەو رۆشنبیری چالاک و رەنێودارمان هەیە کە لەباشترین هەلومەرجدا، پلەی خوێندنی خوێندنگاکانیان لە سێی ناوەندیی تێنەپەڕاندووە. نا بەهیچ شێوەیەک خوێندن لە داموەزگا پەروەردەییەکاندا نیشانەی ئەکادیمییبوون نییە، بەڵکوو لێکۆڵینەوە ( Research ) بەشێوازی وردو زانستیی و هاوچەرخانە نیشانەی ئەکادیمییبوونە. خوێندنەوەی وردو سەلیقەدار ، گەڕان بەدوای نهێنییەکاندا و دۆزینەوەی ئەو سەرچاوانەی کە خزمەت بە دۆزی ئەنفال دەکەن ، نیشانەی ئەکادیمییبوونە. خۆماندووکردن و داهێنان و نووسینی بەپێز نیشانەی ئەکادیمییبوونە.

ئەم جیهانە تژییە لە نووسەران و رۆشنبیران کە بەهەوڵ و ماندووبوون و خوێندنەوەی وردی خۆیان توانیویانە ریکۆردی زۆرباش لە ئاستی ئەکادیمیی و توێژینەوەی زانستیی بەدەست بهێنن، رزگار دەڵێت " رەنگە بۆ بەشێک لە خوێنەران و نووسەران هەیبەتی ئەکادیمی بەس بێ بۆ ئەوەی تەسلیمی تێزەکانی یان بەرهەمەکانی ببین" ئەم دەربڕینە سەرلەبەر نامۆیە بە پرەنسیپڵە سەرەکییەکانی نووسینی هاوچەرخ، چونکە هەر تێزێکی فیکریی ، لێکدانەوەو شیکردنەوە و بەراوردکردن ( Comparison ) و دواتریش ئەنجامێکی کۆنکریت و پشتئەستوور بە کۆمەڵێ بیردۆز و تێزگەلی تر رۆنەنرابێت، هەرەس دێنێ وەک سەدان وتارنووسی سیاسیی و ئایدۆلۆژیی و حیزبیی و گیان لەسەر دەستانی کوردایەتییەکی کوێرانە.

ئەکادیمییبوون مەرج نییە جادوویەکی سەیروسەمەرەت بۆ بەرهەم بهێنێ، بەڵام لای کەم فێرمان دەکات، چۆن بنووسین؟ چۆن بیربکەینەوە؟ چۆن بگەڕێین بەدوای سەرچاوەکاندا لە کەمترین کاتدا؟ چۆن ئەنفال لەدەست کۆمەڵێ نەزانی سیاسیی و رۆشنبیری شیعرنووس و نووسەری کەمسەواد و چیرۆکی پێرێژنانەی گوێئاگردانەکان دەرباز بکەین و بیخەینەوە سەر رێچکەی شیاوی خۆی؟. بەکورتییەکەی ئەکادیمییبوون کۆمەڵێ چەکی نوێت دەداتە دەست، کەبتوانی شەڕی گەورەتری پێبکەیت، سەرکەوتنی مسۆگەرتری پێ بەدەست بێنی و لە کۆمەڵێ ئایدیاو بۆچوونی کۆن و بێ بەها پاکمان دەکاتەوەو چاومان دەکاتەوە کە ئێمە چەند لەدواوەین، چەند نەشارەزاین و چەند دەستەپاچەین لەدنیای نووسین و توێژینەوە نوێکانی سەردەمدا. فێرمان دەکات کە چۆن بە ستانداردە نێودەوڵەتییەکان ئەنفال بپێوین و لێکۆڵینەوەی قووڵی لەسەر بکەین.

ئەگەر لەویژدانی خۆمان بپرسین و بڵێین، سیاسەتمەدارەکانی کورد ، بە راست و چەپیەوە، بە کۆمۆنیست و لیبراڵ و فیودالیەوە تا چەند لەم دنیایەدا ئاگایی سیاسییان لەسەر جینۆسایدی کورد بە واتا هەرەمەکییەکەی هەیە؟ گومانی ناوێ زۆرکەم ئاگایی سیاسیی بوونی هەیە. ئاخر ئەوە چ نادانییەکە پرسیارێک لەکەسێکی سیاسەتمەدار بکەیت و بڵێی ئەرێ فلانەکەس ئاوا دەڵێت لەسەر ئەم کەیسە، ئەرێ تۆی سیاسیی و قارەمانی شاخ و جامبازی خەباتی ژێرزەمینی و تێکۆشانی نێوشارەکان و رێکخستنە سیاسییەکان، چیی دەڵێی؟ لەوەڵامدا خۆی بدزێتەوەو نەچێ بەلای ئەو کەسەی کەناوی هێنراوە لە پرسیارەکەدا.

ئاخر خۆ خوێنەر گێل نییە . من ئێستا دەڵێم لەخۆتەوە ناوێکی نەبوو لە بیری خۆتدا داتاشە ( وەک Simon Smith ) و بیخەرە پرسیارێکەوەو بە سیاسیەک و شۆرشگێرێکی کورد ( گرنگ نییە راست یان چەپ بێت، کۆمۆنیست یان ئیسلامیی بێت، لیبراڵ یان کۆنەپارێز بێت) بڵێ، ئەرێ جەنابی عالی و پر لەحیکمەت، ئەم ئەکادیمیستە رۆژئاواییە ( Simon Smith ) دەڵێ ئەنفال قرکردنی شێنەیی گەلی کورد بوو، کورد دەکرێ لە رێی ئەم جینۆسایدەوە زۆر دەستکەوتی سیاسیی بیچرێ؟ باوەربکەن نایات بپرسێ ئەم کابرایە هەیە یان نا، بزانێ لەکوێدا ئەم شەکرەی شکاندووە ؟ ماوە یان مردووە، لەکتێبدایە یان ژۆرناڵ، سیمینارە یان وڕێنە هۆیەکەشی ئەوەیە ئەگەر بپرسێ ، ئەوە پێی وایە نەزانیی و نادانییەکەی ئاشکرا دەبێ و بۆیە ناچێ خۆی بشکێنێ.

کەواتە یان ئەوەتا ئەویش سایمۆن سمیس دەخاتە وەڵامە پڕ لە زانیارییەکانییەوە ! یان ئەوەتا هەر بەلایدا ناچێ و خۆی شەرمەزار ناکات! و لەو گۆڕەی دەکەوێتە وەڵامدانەوەی سەیروسەمەرەو سەدان قسەی پووچ لەگیرفانی خۆی دەردێنێ. بەڵێ لەراستییدا ئەمە دۆخی دەروونیی زۆربەی سیاسییەکان و رۆشنبیرەکانی کوردە، ئیتر لەگەڵ ئەم پێرە سیاسەتمەدار و رووناکبیرە پانوپۆڕ لە زۆرزانیی و لێزانییدا چیی دەگوترێ؟ .

نێوەندی ئەکادیمیی قورسایی ئەوەندە زۆری هەیە کە لێرەدا بەچەند پارەگرافێک باس ناکرێ، هەر لە کوردستاندا، گۆڤاری

ڕەهەند و سەردەم و سەردەمی ڕەخنە کەس هەیە بڵێ کاریگەرییان لەنێوەندی ڕۆشنبیرییدا نەبووە، بەڵکوو لە پانتاییەکی بەرینتریشدا ڕەنگدانەوەی هەبووە. ئینستیوتی برووکینگ ( brook.edu - The Brooking Institution) نەک هەر لە ئەمێریکا ، بگرە لەسەرتاسەری جیهاندا قورسایی خۆی هەیەو سیاسییەکانی جیهان گوێیان لێدەگرن، بەتایبەت کۆمارییەکانی ئەمێریکا، چونکە لە هێڵی سیاسیی ئەوانەوە نزیکە. فرییمان زۆر دروست پێکاوییەتی کە دەڵێ "لێکۆڵینەوە لە سەر جینۆساید، هێشتا کەنارگیرەو نەخراوەتە چوارچێوەی دیسکۆرسی ئەکادیمییەوە" ئاخر کورد تا ئێستا دیسکۆرسێکی سیاسیی باڵایشی نییە بۆ ئەنفال چ جای دیسکۆرسی ئەکادیمیی. کورد تا ئێستایش هەر شاعیرانە فانتەسیی بە ڕووداوەکانی ئەنفالەوە چێدەکات. لە عەرشی سیاسییەوەو لە چوارچێوەی خورپینەوەو خۆ داپلۆسین و خۆخواردنەوەدا ئەنفال ڕادەژەنێت.

تا سووکانی ئەنفال بەدەست ئەو لۆژیکەوە بێت کە پێیوایە ئەنفال کلیلێکی ڕەهای سیاسییە بۆ کێشەیەکی ڕەهای مرۆیی و مۆراڵیی، بۆ کێشەیەکی ئیسنیکیی و ئازادیی و کولتووریی و دیارییکردنی چارەنووسی گەلێک ، ئەوا یەک بست ناچینە پێشەوە. بەڵاکە لێرەدایە بەشێکی بەرچاو لە نووسەرانی کورد و بەتایبەت نووسەرانی سایت و ڕۆژنامەکان، دەیان وتاری بێ واتاو بێ بەها دەنووسن، زۆربەیان لە دەوروخولی بازنەیەک ماخۆلانیانە. کار گەیشتووە بە شوێنێک بیست تا چل وتاری سیاسیی نووسەرێک لە ساڵێکدا ، هەمووی یەک واتا و یەک مەبەست و یەک بیرکردنەوە لە پشتییەوەیەتی. هەمووی دەڵێی لە شەو و ڕۆژێکدا نووسراون. دەردەکەش هەمووی ئەوەیە ناخوێنینەوە، شارەزاییمان کەمە، هەر خەریکی سیاسەتین ( سیاسەتیش بەدواکەوتووترین ستایڵ و ڕیتمی ئایدۆلۆژییەوە ).

بەڕاستیی ئێمە نەخۆشین، دەتلێینەوە بە دەیان دەردی کوشندەوە و هەمیشەش خۆمان بەساغ دەزانین. لە کۆمەڵگایەکدا ئازادیی بە واتای وشەی ئازادیی بوونێکی ئۆبجەکتیڤیی نەبێ، لە کۆمەڵگایەکدا، پیاوانی سیاسیی، پۆلیس و یاسای دەسەڵاتدارانی هۆزچییەتیی و خێڵچییەتیی، کچێکی ئێزیدیی لەسەر خۆشەویستیی و سێکس بە بلۆک بکوژن، بەتەمای چیی بین؟ لەهەمووی تراژیدیاتر! بەم پاشەڵەشەوە ( پاشەڵی ژنکوشتن لەکوردستاندا ) وریێنەی سەربەخۆیی کوردستان دەکرێ و زۆر لەنووسەران و ڕۆشنبیرانی ناساغی کورد بە دەم ژەنینی سروودی کێویی "ئەی ڕەقیب"ەوە خۆشباوەڕن بە کاریزمای ئەو سیاسییانەی کە دەسەڵاتەکەیان لەماوەی دەیەونیوێکدا سەدان و بگرە هەزاران کچی هەرزەیان لەسەر ماچێک بەدۆزەخی "شەرەفی پیاو" سپارد، بە دۆزەخی "سوڵحی عەشایەریی " سپارد کە تاوانبارەکانیان ژنفڕاندن و ژنکوشتنیان کردبووە پیشەو لەدادگاکانی خۆیشیاندا بەسەریاندا ساغبووەوە. لە دۆزەخێکداین ژن و کچ لەسەر خۆشەویستیی و ماچێک ئەنفال دەکرێ، ئیتر باسی کام ڕەهەندی ئەنفالی سیاسیی و کولتووریی و کۆمەڵایەتیی و مۆراڵیی بکەین؟ هەر خۆمان بەخۆمان بین!

درۆیەکی زۆر گەورە دەکەین، ئەگەر بڵێین کورد خاوەنی کولتوورێکی پێشکەوتووخوازە، ڕاستە زۆر هەنگاوی باشمان ناوە، بەڵام کاتێ دێینەوە سەر ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکەی ئەم کۆمەڵگا کولتوور نەخۆشەی کە ژنکوشتنی کردووەتە پیشەیەکی مەردانە، مرۆڤ پێی شەرمە سەر بەو کولتوورە بێت کە یاساوڵەکانی دەسەڵات و نوێنەرەکانی پیاوانی دەسەڵات، بڕیارە یاساییەکان وەک خۆیان جێبەجێ دەکەن و "یاسای ئەنفال" دەخەنە سەروو هەموو کەسێک و هەموو شتێکەوەو کچێکی ئێزیدیی پێ بەردباران دەکەن.

لە دیدی سایکۆلۆجیست ئەبراهام ماسلۆوە "کولتووری نەخۆش، کەسانی نەخۆش بەرهەم دێنێت، کولتووری تەندروستیش لەوانەیە کەسانی تەندروست بەرهەم بێنێت. بەڵام ئەوە زۆر ڕاستە کە تاکە ناساغەکان دەبنە هۆی زێتر ناساغیی کولتوورەکەیان و تاکە ساغڵەمەکانیش دەبنە هۆی زۆرتر ساغڵەمیی کوولتورەکەیان" ( Maslow,1968,p.6 ). کورد خاوەنی ئەو سەدان نووسەرو ڕۆشنبیرە دووڕوو دەمامک لەسەرەبێت کە بۆ حەزو خولیای سەرکردەیەک (بەئاشکرا موزایەدەی

سیاسیی و حیزبیی و بنەماڵەیی بە سەربەخۆیی کوردستانەوە دەکات) وەک رۆبۆت بکەونە سەما، دەبێ چ دڵێکمان بەخۆمان و کولتوورە نەخۆشەکەمان خۆشبێت کە تا ئێستا راوی کچێکی سەرکێش و هەرزەکار دەکەین ، بۆچیی راوی دەکەین؟ بۆ کوشتن، بۆ بەربارانکردن!.

لەلایەکی تریشەوە هەڵای نووسەران و رۆشنبیران و ئەکتیڤیستە سیاسییەکانی کورد گەیشتە کەشکەلانی فەلەک ، شیعر کڵاشە دەکات بە ئاسمان و رێسماندا بۆ "دوعا"ی حەڤدە ساڵ، بەڵام بەداخەوە بەرهەمی ئەو هەموو کەمپەین و هاتوهاوارە ( وەک شین و شەپۆڕەکانی ئەنفال کە دارێکی نەناوەتە سەر بەردێ بۆ جینۆسایدی کورد ) زۆربەی دەچێتە گیرفانی تێرۆریستەکانی ئەلقاعیدەو ئیسلامییە فەندەمێنتالیستەکانی کوردستانەوە، لە کاردانەوەکانیاندا کرێکاری ئێزیدیی دەبن بە قوربانیی و بە کۆمەڵ دەکوژرێن و بەر نەفرەت دەدرێن و گەمارۆی بازاڕ دەخەنە سەر بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان و لێیان ناکڕدرێ. ئەمە ناوی دەنێی هەرچییەک لەوەی کە رۆشنبیران و نووسەرانی کورد هەمووی بەیەکەوە هەڵدەستێ و رەپ دەبن و هەموویشیان بەیەکەوە فس دەبنەوە،بەجێی خۆی، بەڵام من لەو بڕوایەدام ئەمە رۆمانسییەت و هزرکاڵیی زۆربەی نووسەران و رۆشنبیرانی کوردە و بەهەموو ئاگاییەکیشیانەوە بەو شێوە کۆنترادیکتانە هەڵسوکەوت دەکەن. شایانی باسە چەند وتار و نووسینێک نەبێ لەسەر "دوعا" کە دەچووە خانەی داکۆکییکردن لەمافی مرۆڤ و ژن و ئازادیی ، ئەوەی تری هەمووی سەرکۆز بوو.

لەکۆتاییدا، پێویستە ئەو راستییە بگوترێ ، کورد لە ئاست ئەنفالدا ئەوەندە کەمتەرخەمە باسکردنی لەبن نایات، ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە مەترسی دووبارەو چەندبارەبوونەوەی ئەنفال بەیەکجاریی برەوێنینەوە، نەک ئەوەی هەر نەتوانراوە هیچ سوودێک لە دۆزەخی ئەنفال ببینرێ بۆ پچڕینی مافگەلێک کە زەوتکراون لە گەلی کورد لە دەیان ساڵی رابردوودا. بەڵکوو هێشتا مەترسییەکی گەورەی بەیەکدادانی ئیسنیکیی و کولتووریی هەڕەشە لە کورد دەکات، جگە لە هەڕەشەی وڵاتانی دەوروبەر. بە پێی تێڕوانینی ئیسرائیل چارنی کە دەڵێ "کۆمەڵگەی مرۆیی تا ئێستا دەتوانین بڵێین بەتەواویی هەرەسی هێناوە ، لە ئاست ئەوەی کە نەیتوانیوە ستاندێکی بەهێز و کاریگەر بگرێتە بەر لە هەمبەر بەردەوامیی جینۆسایدەکان، هەڕەشەی ئەوەی هەیە بەسەرمانەوە کە لە داهاتوودا جینۆساید وەک پێشهات دووبارە دەبێتەوە" ( Charny,1992,p.149 )، ئێمە هێشتا لە گومڕاییەکی سیاسیی و کولتووریدا دەژین. کوا ئەو ستاندە بەهێزو کاریگەرەی کورد لە ئاست ناساندنی ئەنفال وەک خۆی ، نەک وەک ئەوەی رێی لێبگرین و نەهێڵین دووبارە ببێتەوە.

لەهەموو شت گرنگتر، رۆشنبیری کورد و نووسەری کورد ئەگەر بەتەمایە لەسەر ئەنفال کارێک بکات، پێش هەمووشت دەبێ لێکۆڵینەوەی ورد سەبارەت بەجینۆساید بەپانوپۆریی بکات. بەبێ خۆپڕچەککردن لەسەر جینۆساید و هۆلۆکۆست، ناکرێ هیچ بەرهەم بهێنرێ لەسەر ئەنفال. کاتێ باسی جینۆسایدی ئەرمەنەکان دەکرێ، یەکسەر لووتمان بە دیارترین ئایکۆنی لیکۆڵینەوە ئەکادیمییەکاندا دەتەقێ کە دادریانە ( Vahakn N. Dadrian ). ئەگەر کورد دەیەوێ ئەنفال بگەیەنرێتە ئاستی جینۆسایدە نێودەوڵەتییەکان و لەم بێدەنگیی و بیرچوونەوەیە دەربهێنرێ ، دەبێ چەندین دادریان بەرهەم بهێنێ ، ئەوسا دەست بۆ توێکاریی وردو مرۆییانەی ئەنفال بەرێت. ئەنفال بەبێ دادریانە کوردەکان یان نێونەتەوەییەکان، هەر لەم دۆخە سڕو بێنازەی ئێستایدا دەبێت.

* ئارکایف: Archive ( ئەرشیف ).

## سەرچاوەکان:


- Berkowitz H, 1965, *where are my brothers* , Helios, New York

- Charny I, 1992, *Early warning, intervention and prevention of Genocide* , in Genocide in our time : an annotated bibliography with analytical introductions, eds Dobkowski, Michael N and Wallimann I, (Ann Arbor, Mich. : Pierian Press) p.149

- Freeman, M 1991, " The Theory And Prevention Of Genocide ", Holocaust and Genocide Studies. Oxford Journals, Volume 6, Number 2 Pp. 185-199

- Makiya K, 1993, *Cruelty and Silence( War, Tyranny, Uprising, And the Arab World )*,W.W. Norton and Company , New York, London.

- Maslow, Abraham H 1968 , *Towards a psychology of Being*, 2nd edition, ( New York: VanNostrad ).

- عەلی ب ، ٢٠٠٧، *گفتوگۆ لەسەر خوانی خوێنین – کۆڕمانێک لەسەر ئەنفال* ، چاوپێکەوتن، لە ئامادەکردنی حەمە کاکەڕەش، وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، سوید.
  سەردانی کراوە لە 2007-04-28
  بوونی لەسەر نێت لێرەوەیە:
  http://www.dengekan.com/doc/2007/4/anfal2007/baxtyar_ali.pdf


---

تێبینی :

ریفرێنسی چاوپێکەوتنەکەی بەختیار عەلییم بە سکریپتی عەرەبیی.لەسەر ستایلی سیستەمی هاڤەرد ( Harvard ) داناوە.